# دوایین هرووشمی نوێنەری پرۆلێتاریای جیهان (لقی ئێران)
# بۆ سەر بورژوازی ئێران (لقی کوردستان)!!!

بلاوکراوەی پێشرەو ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە ـ لە ژمارەی نیوەی ئەوەڵی مانگی گوڵانی ١٣٨٢ی خوی دا وتارێکی لە ژێر نێوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گۆرانکارییەکانی ئەم دواییانەی عێراق" چاپ کردوەکە لەوێدا لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لەمەر گۆرانکارییەکانی کوردستانی عێراق رەخنەی گرتوە. خوێندنەوەی ئەم نووسراوەیە رەخنەگرانە و پڕ لە چەواشەکردنی راستییەکان، هەر خوێنەرێکی بێ لایەن کە رووداوە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان تەعقیب دەکا، وەبیر ئەدەبیاتی کۆمەڵەی ساڵەکانی دەیەی ٨٠ زایینی دەخاتەوە. دوای ئەم هەوالانەی کە لە سالانی دواییدا لە پێوەندی لەگەڵ بەرەو باش چوونی نێوانی حیزبە کوردستانییەکان دەبیسترا، ئەم شێوە هەڵوێست گرتنانە بە داخەوە نەتەنیا لە خزمەت نیزیك بوونەوەی حیزبەکاندا نین بەڵکوو دەبنە هۆی شادی دوژمنانی گەلی کورد بە گشتی و کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی و لەویش ناخۆشتر سەرهەڵدانەوەی بەحس گەلی ماراتۆنی بێکەڵك و دەست پێکردنەوەی یاری ناشیرنی "کێ لە پێشدا دەستی پێکرد"!

ئەو هۆیەی کە نووسەری هاندا بۆ نووسینی ئەم دێرانە، دووبارە خوێندنەوەی بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە بە حەق بە شێوەیەکی عیلمی و مەسئوولانە نووسرابوو. لە نەقدی کۆمەڵەدا دەربرینی رەزامەندی حیزبی دێموکرات لەو گۆرانکارییە باشانەی کە لە کوردستانی عێراق دا رووی داوە و بۆتە هۆی شادی زۆربەی نیزیك بە تەواوی گەلی کورد لە جیهان دا، "لایەنگری لە سیاسەتی شەر ئەنگێزانەی کۆماری خوازانی ئامریکا" ناو بردراوە و لەو پەری بێ حورمەتی سیاسیدا بە " سەر لێشێواوی" باس کراوە. وێرای جیاوازییە ئیدئۆلۆژییەکی کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆمەڵەی حیزی کۆمۆنیست هەیەتی، زۆر روونە کە ئەم حیزبە ناتوانێ و نابێ لە بەرامبەر ئەم دەستکەوتە گەورانەی کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەدوای ئەم گۆرانکارییانە وەدەستیان هێناوە، بێ لایەن بێ! حیزبی دێموکرات هاوپەیمان و پەیرەوی ئامریکا نییە، بەڵام باوەرێکی قووڵی بە هاوپەیمانی کوردەکان هەیە کە دەبێ تەواوی گەلی کورد و حیزبە کوردستانییەکان، خۆیان بە بوعدی ئیستراتیژی خەباتەکەیان بزانن. *

رەنگە ئەم ئازادییە نیسبییەی کە دوای رووخانی حکوومەتی بەعس لە عێراقدا پێك هاتووە، بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گرنگ نەبێ! رەنگە رزگاربوونی شارە کوردنشینەکانی عێراق کە لە ژێر دەسەلاتی رێژیمی پێشوودا دوایین ئاسەوارەکانی پێناسەی نەتەوایەتی خۆیان لە دەست دەدا، بۆیان سەرنج راکێش نەبێ! بۆی هەیە کە بەشداری وەفدی زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی لە ئاوەدان کردنەوەی زانکۆکانی کەرکوك و موسڵ و تەنانەت بەغداش کە روخسارێکی زۆر روون و شارستانیانەی لە کورد بۆ جیهانیان نیشاندا بۆ نەیارانی "ناسیۆنالیزمی دواکەوتوو" شادی خولقێن نەبووبێ. رەنگە دەرکەوتنی رادەی سەرکەوتوویی حکوومەتێکی کوردی بۆ گەلانی عێراق و تەواوی گەلانی رۆژهەلاتی نێوەراست، بۆ نوێنەرانی پرۆلێتاریای ئێران هیچ بایخێکی نەبێ، بەڵام دڵنیام کە میتینگی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق (حیزبی شیوعی) لە بەغدا کە هەلومەرجەکەی هەر ئەو ئازادییە ئامریکاییە بۆی پێك هێنابوو، لە رێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شاراوە نەبوە. ئەو حیزبە پێی خۆش بێ و پێی ناخۆش بێ هەم گەلی کورد، هەم حیزبی دێموکرات و هەم تەواوی ئازادیخوازانی جیهان ئەم دەستکەوتانەیان لە لا گرینگە. لەو پێوەندییەدا شتێکی دیکەش لە گۆرێ دایە کە دڵنیام بۆتە هۆی نیگەرانی

ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران: دیتنی میتینگی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە بەغدا کە دوای ٧٠ ساڵ چالاکی بە هۆی لەبەر پێش گرتنی سیاسەتێکی دوور لە واقعییەت ٧٠ کەسی بۆ کۆنەبۆوە، ئەوانی لە فکرەوە بردوە کە ئەگەر هەلومەرجێکی لەم چەشنە بۆ حیزبەکەی ئەوان پێك بێت داخوا دوای ٢٠ ساڵ چالاکی سیاسی چەند کەسیان لە تاران (قەلبی پرۆلێتاریای ئێران) بۆ کۆدەبێتەوە.!!

لە درێژەی وتارە ڕەخنەیی‌یەکە دا حیزبی کۆمۆنیست بۆ بچووك کردنەوەی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، باسی ڕزگاری عێراقی بە نیوەچڵی بە جێ هێشتوە و وەك مەسیحی‌یەکی "کاتۆلیکتر لە پاپ" سیستمی فێدرالیزمی دوا ڕۆژی کوردستانی لێڵ و ناروون زانیوە و لەوەی کە داخوا نەوتی کەرکوك دەدرێ بە کوردان یان نا، نیگەرانی خۆی دەربریوە و گلەیی لە حیزبی دێموکرات کردوە کە بۆچی سەرەرای ئەو ئیبهامانە، گۆرانکاری‌یەکانی عێراقی بە ئازادسازی عێراق ناوبردوە. زۆر سەیرە! بە خۆشی‌یەوە خەڵکی کوردستانی عێراق بە ڕادەی پێویست کەسایەتی شارەزا و حیزبی خاوەن ئەزموونیان هەیە کە نەتەنیا پێویستی بە دڵسۆزی‌یەکانی گۆمان لێکراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نی‌یە بەڵکوو ڕەنگە تا ئەو کاتەی داوا بکرێ پێویستیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش نەبێ.

لە بەشێکی تری نووسراوەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لەوەی کە گویا حیزبی دێموکرات، مەجلیسی ئەعلای شۆرشی ئیسلامی و جەریاناتی ئایینی سوننی و INC بە نوێنەری گەلانی عێراق زانیوە ڕەخنەی گرتوە. چەند جار چاوپێخشاندنی وردبینانە بەسەر بەیاننامەی حیزبی دێموکرات دا، هیچ شوێنەوارێکی ئەم ئیدعایەی حیزبی کۆمۆنیستی وەدەست نادا. بەڵام ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیست لە ئاماژە بە دانیشتنەکانی نەیارانی حکوومەتی پێشووی عێراق دا بە عەمد لە بردنی نێوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق خۆ دەبوێرێ! لە کەش و هەوایەك دا کە هەلومەرجی هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ دیاری کردنی نوێنەرانی خەڵکانی عێراق پێك نەهاتوە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چ کەسانێك بە نوێنەری خەڵکانی عێراق دەزانێ؟ پرۆلێتاریای عێراق؟!

لە درێژەی ڕەخنەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا، وێرای تاوانبار کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نیشاندانی چرای سەوز بە ئامریکا، نووسراوە کە حیزبی دێموکرات "بە زمانی بێ زمانی دەخوازێ هەر ئەم سیناریۆیە (لێدانی عێراق) لە ئێرانیش دووپات بێتەوە". بەراستی ئەوە زۆر بێ ئینسافی‌یە! مەعلووم نی‌یە ئەم بەرێزانە کە بەداخەوە لە زۆر بوارانَدا لە نووسراوە و گوتراوەی ئاشکرا و ڕوون حاڵی نابن، چۆن لەو مەفهوومەی زمانی بێ زمانی حاڵی بوون؟! داخوا ئەوەی کە بگوترێ کورد تەنیا لە عێراق ناژی یا تەنیا حکوومەتی بەعس دیکتاتۆر نی‌یە بە مانای تەئیدی حەملەی ئەگەری ئامریکا بۆسەر ئێرانە؟! هەر چەندەی کە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەربارەی جۆرەکانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی جیاوازە، سەرەرای ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لەسەر کێشەی "خەباتی جیهانی بە دژی تیرۆریزم" وەك حیزبی کۆمۆنیست هاودەنگی کۆماری ئیسلامی نی‌یە، هەرچەندەی کە جیاوازی نێوان پەلاماری وەحشیانەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر حیزبی دێموکرات لە لایەك و ژیانی هاوبەش و بەختەوەرانەی حیزبی کۆمۆنیست و قەرارگای هەمزە لە سلێمانی لە لایەکی تر یەکجار زۆرە، هەرچەندەی کە حیزبی دێموکرات پێش بینی کۆماری ئیسلامی و حیزبی کۆمۆنیستی لەسەر خەساراتی ٥٠٠ هەزار کوشتە و ٥میلیۆن ئاوارەی

شەری عێراقی پێ دروست نەبوو، بەڵام دڵنیام ئەم حیزبە نە لە رابردوودا و نە ئێستاش خوازیاری وەدی هاتنی حەملەی سەربازی ئامریکا بۆسەر ئێران نییە.

هەم حیزبی دێموکرات و هەم گەلی کورد لە ئێران باش دەزانن و تەجروبەیان کردووە کە بە پشت بەستن بە هێزی یەکتر و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و رابردووی پڕ لە شانازی خەباتەکەیان و گرتنە پێشی شێوە جۆراوجۆرەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ئاواتەکانیان وەدی دێت و پێویستی بە یارمەتی هیچ زلهێزێك نییە. تەنیا ویستی حیزبی دێموکرات لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە وڵاتانی زلهێز و بە تایبەت وڵاتانی ئورووپایی پشتی کۆماری ئیسلامی نەگرن و شەڕەی بۆ پینە نەکەن!

هیوادارم رێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانە کوردستانییەکەی بە چاوپێخشاندنێك بە سیاسەت و هەڵوێستەکانیاندا، کەش و هەوای پێوەندی حیزبەکانی ناوچە تێك نەدەن و نیگەرانی و دڵە خورپە بۆ خەڵکی تاڵی چێشتووی کوردستان ساز نەکەن. پێویستە تکایان لێ بکرێ دیسان نەبنەوە "دۆن کیشۆت" ** و دۆست و دوژمن تێکەڵ نەکەن.

........................................................................................................................

* وتاری عبداللە حسن زادە ـ ۲ی رێبەندانی ۱۳۸۱

** دۆن کیشۆت پیرمێردێکی پەککەوتوو بوو کە خۆی بە شوالیەیەکی قارەمان دەزانی و لە راستیدا تووشی مالیخولیا ببوو. هێندە بێ دوژمن بوو کە لە مێشکی خۆیدا دوژمنی بۆخۆی دادەتاشی و تەنانەت "ئاشەکە"شی بە دوژمن دادەنا و پەلاماری دەدا.

نووسراوەکەی پێشرەو نەبوو بە هۆی کەم بوونەی رادەی رێز و حورمەتی من بۆ بەرێزان کاك سەلاحی مازوجی و کاك مینەی حیسامی. نازانم داخوا ئەوان لەم نووسراوەیەی من دەتۆرێن یان نا؟ هیوادارم وانەبێ!

هیوا

۲٤ی گوڵانی ۱۳۸۲ هەتاوی